مجلة جامعة زاخو، المجلد:1(B)، العدد:1، ص 295- 306 ، 2013

# بنەما سەرەكیەكانی فیكری خەوارج و هۆكارەكانی دەركەوتنیان

زریان سالار حەمەعارف
بەشی مێژوو، سكولّی زانستە مرۆڤایەتیەكان،زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان – عێراق.

*(تاريخ القبول بالنشر: **15** أب **2013**)*

**پوختە :**

**خەوارج یەكێكن لەدیارترین ئەو گروپە فیكری و سیاسیانەی كەلەمێژووی ئیسلامیدا كاریگەری و ڕۆلّێكی دیاریان بینیوە چ بەگروپی بەرهەلّستكاری دژی دەسەلاّتی خەلافەت بێت یان بەهاندان و ڕاكێشانی مەوالیەكان (مسولّمانانی ناعەرەب) بەلای خۆیاندا بێت بەبیرو بۆچوونەكانیان كەتاڕادەیەك لەگەلّ خواست و ویستەكانی ئەواندا یەكی دەگرتەوە كەبریتی بوو لەگرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن ئەو مەوالیانەوە، هەروەك لەبەشەكانی ئەم لێكۆلّینەوەماندا هەولّ ئەدەین كە لەبارەی فیكریانەوە بدوێین، بابەتێكی واكە سیمایەكی دیاری كۆتایی سەردەمی ڕاشدین و ئومەویەكان و سەرەتای عەباسیەكانیش بووە لەمێژووی ئیسلامیدا كەتیایدا ئەم گروپە دەركەوتن و پەرەیان سەند و بلاّو بوونەوە و گرنگترین بنەماكانی فیكریشیان چەكەرەی كرد و خەلّكانێكی زۆر لەدەوریان كۆبووەوە، بەجۆرێك گەشەیان كرد كە چەند گروپێكیان لیّ جیابووەوەو تاژمارەیان گەیشتە زیاتر لە بیست گروپ، كەهەرئەمەش بووە هۆی لاوازبوون و لەدواجاریش دا تاڕادەیەك لەناوچوونیشیان، بۆیە پێمان وایە كەدراسەكردن لەبابەتێكی وا سوودو گرنگی تایبەتی خۆی ئەبێت چ بۆ شارەزابوون لە بواری فیكرو دووبەرەكی و جیاوازیە تویّرەكانی سەدەكانی ناوەڕاست و حالّیبوونیش لەزۆرێك لەوبوارە كەلتوری و بەرهەلّستكاری و فیكریانەی كەئەمرۆ دەرچەو ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتانیە كەلەسەدەكانی ناوەڕاستدا لەمێژووی ئیسلامیدا ڕوویداوە .**

**لەم لێكۆلّینەوەیەدا هەولّ ئەدەین كەئەم كۆمەلّە بناسێنین لە ڕووی ناو ناسناویان و دیارترین گروپەكانیانەوە و هەروەها بەشێوەیەكی دیاریش باس لە بنەماسەرەكیەكانی فیكریان بكەین، بەپشت بەستن بەكۆمەلّە سەرچاوەو ژێدەرێك هەولّ بدەین كەشیكاریان بكەین ...**

## پێشەكی:

### باسی یەكەم : ناو ناسناو دیارترین گروپەكانیان :

لەبارەی ناو و ناسناوەكانی خەوارجەوە لەسەرچاوەكاندا بەچەندین ناو ناسناو ناسراون كەلەدیارترینیان ئەوانەن كەلەلایەن دژەكانیانەوە لێیان نراوە كەبەم شێوەیەیە :

خەوارج (دەرچووەكان) ئەمەشیان بۆیە پێگوتراوە لەبەر ئەوەی ئەمانە لەدەسەلاّتی ئیمامی عەلی دەرچوون، یاخود دەرچوون و هەلاّتنیان بووە بەرەو مەدائن یاخود جیا بوونەوەیان بووە لەكۆمەلّ و وەدەرچوونیان بووە لە دین یاخود لەبەر دەرچوونیان بووە لە حەق و ڕاستی(١)، هەروەها ناوی خەوارج بەسەر هەموو ئەو كەسانەدا دابڕاوە كە لەبەرامبەر پێشەوایەكی ڕاست و حەقدا دەرچووبێتن و ئیتر ئەو پێشەوایە لەهەر سەردەم و زەمانێكدا بووبێت كەئەمانەشیان لەلایەن دەسەلاّت دارانەوە پێگوتراوە، بۆنمونە لە سەردەمی ئومەویەكاندا ئەم ناوە بەهەموو ئەو كۆمەلاّنە وتراوە كە ڕۆلّێكی كاریگەریان هەبووە لە بەرهەلّستكاری كردنی دەسەلاّت و شۆڕشیان لە دژیان بەرپاكردووە(*) كەپێدەچێت ئەمەش بۆهاندان و ڕاكێشانی خەلّك بوو بێت لێیان(٢)، بەلاّم خەوارجەكان خۆیان بەناوی تر دەناسێنن و بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی ناوەكەیانەوە و ئەوان

وائەبینن ئەم ناوەیان لەبەر دەرچوونیان بووە لەپێناوی خوای گەورەدا بۆ یە پێیان وتراوە خەوارج، یاخود بەناوی تریشەوە خۆیان ئەناسێنن وەك (شوراتەكان) كەئەمیش بەو پێیەی ئەمان خۆیان فرۆشتووە لەپێناوی خوای گەورەو بەمەش ئەو دنیایان كڕیوە(٣)، خەوارجە سەرەتاییەكانیش سەرباری ئەم ناوانە بەكۆمەڵە ناوێكی تر ناسرابوو لەوانە :

١- مەحكەمەی یەكەم : ئەم ناوە بەو كۆمەڵە خەوارجە دەگوترێت كە لەجەنگی (صەفەین ٣٧ك/٦٥٨ز)لەنێوان خەلیفە عەلی كوڕی ئەبوتالیب (٣٥-٤٠ك/٦٥٦-٦٦١ز) و معاویەی كوڕی ئەبوسوفیان والی شامدا لایەنگری ئیمامی عەلی بوون بەلاَم پاش كۆتایی هاتنی شەڕەكەو كاتێك خەلیفە عەلی بڕیاری دا كەلەگەڵ معاویەدا ڕێك بكەوێت و(قورئان) حەكەم بێت لەنێوانیاندا ئەمان ڕەخنەیان لەم هەڵوێستەگرت و تێڕوانینی فیكری خۆیان وادەربڕی كە پێویستە شەڕ ڕانەگیرێت وبە ئیمامی عەلیان ووت باشە ئەگەر تۆ لەسە رحەق نەبوویت بۆچی شەڕت پێكردین، بۆیە لەدەسەلاَتی ئیمامی عەلی دەرچوون و دەیانووت كە دەبێ حوكم تەنها حوكمی خودا بێت و ئاماژەیان بۆ ئایەتی (إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ) یوسف ایە ٤٠، دەكرد ....

٢- حەروریەكان : ناوی ئەو ناچەیەكە(گوندێكە) دەكەوێتە نزیك لە كوفە، كەیەكەم گروپی خەوارج پاش ئەوەی لەسوپای ئیمامی عەلی جیابوونەوە و یەكەم تەحكیم و كۆبوونەوەیان تیادا ئەنجام دا (٣).

٣- وەهبیەكان : ئەم ناوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناوی یەكەم سەركردەی خەوارجەكان كە (عبدالله ی كوڕی وەهبی ڕاسبی) بوو ئەم كەسایەتی یە بەیەكەم خەلیفەی خەوارجەكان دەناسرێت(٤) ..

٤- مارقەكان (المارقة) : ئەمەش یەكێكی تربو لەوناوانەی كە خەواریجەكانی پێ دەناسران، هەروەها لەلایەن دژەكانیانەوە پێیان دەگوترا، بەو واتایەی هەروەك چۆن تیر لە كەوان دەردەچێت ئاواش ئەمان لەدین دەرچوون، ئەمەش بە پشت بەستن بە فەرموودەیەكی پێغەمبەر(د.خ) كەدەفەرموێت :" سيخرج قوم في آخر الزمان ، حداث الأسنان ، سفهاء الأحلام ، يقولون من خير قول البرية ، لا يجاوز إيمانهم حناجرهم ، يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية ، فأينما لقيتموهم فاقتلوهم ، فإن في قتلهم أجرا لمن قتلهم يوم القيامة" بڕوانە صحیحی البخاری فەرمودەی (٦٩٣٠)وە صیحی مسلم فەرموودەی (١٠٦٦)، واتە :لەكۆتایی زەمان قەومێك دەردەچن، دانەكانیان نوێیە(سپی و جوانە)، خەونی خراپ و بیٓ مانایان هەیە، لەباشترین ووتەی باش بەخراپ دەزانن، ئیمان لە قوڕقوڕاگەیان تێپەڕی نەكردووە، لەدین دەردەچن هەروەك چۆن تیر لە كەوان دەردەچێت، لەهەرشوێنێك ئەمانەتان بینی بیانكوژن و لەگەڵیان بجەنگێن، ئەوەی ئەمانە بكوژێت لە كوشتنەكەی پاداشتی هەیە لە ڕۆژی قیامەت (٤).

خەوارجەكان دابەش ئەبن بەسەر چەند گروپێكدا كەمێژوونوسان بە زیاتر لە بیست گروپ(٥) ناوزەدیان ئەكەن و زۆربەی ئەم گروپانەش بەناوی سەركردەكانیانەوە ناسراون و لەدیارترین و كاریگەرترینی ئەم گروپانەش باس لەشەش دانەیان ئەكەین:

١- ئەزارقەكان : ئەم گروپە شوێن كەوتەی (نافعی كوڕی ئەزرەقی حەنەفی م.٦٦ك / ٦٨٥ز)ن، بوون بەتوندترین و دیارترین و ژمارە زۆرترینی گروپەكانی خەوارج دادەنرێت كەئەم گروپە لە بەصرە وە سەری هەڵدا ولەوێ دەستیان كردبەبانگەشە كردن بۆ فیكرەكەیان، لەسەرەتادا بوونە لایەنگرو یارمەتیدەری عەبدولاَی كوڕی زوبێر لەدژی ئومەویەكان، بەلاَم پاش ماوەیەك لەدژی عەبدولاَی كوڕی زوبێر هەڵگەڕایەوەو لەژێر دەسەلاَتی ئەو دەرچوون ئەویش كەوتە دژایەتی كردنیان پاش ئەوەی لەبەردەم كوڕی زوبێردا شكا

لەگەڵ شوێن کەوتوانیدا پاشەکشەی کرد بەرەوهەرێمی ئەهواز و بەلاَم لەپاشدا لەلایەن سوپای کوڕی زوبێرەوە لەوێ لەساڵی ٦٥ك –٦٨٥ز دا کوژرا(٦) .

٢– نەجداتەکان : ئەمانە شوێنکەوتەی (نەجدەتی کوڕی عامری حەنەفی م. ٧٢ك –٦٩١ ز) بوون ئەم کەسایەتی یە سەرکردایەتی کۆمەڵێك لە خەوارجەکانی ناوچەی یەمامەی دەکرد لەناوەڕاستی جەزیرەی عەرەبیداو ناوچەیەکی بەرفراوانی جەزیرەی عەرەبی کە بەحرەین و عومان وچەند بەشێکی یەمەن و حەزرەموتی لە ژێر دەستدا بوو، لەناو سەرکردەکانی ئەم گروپەدا لەسەر چەند بابەتێکی بیروباوەڕی دووبەرەکی کەوتەوەو دەرەنجام لەساڵی ٧٢ك –٦٩١ ز دا کوژرا(٧) .

٣– بەیهەسیەکان : ئەمانە شوێن کەوتەی (ئەبی بەیهەس هەیصەمی کوڕی جابر م.٩٤ك/٧١٢ز) بوون کە لەپاش کوژرانی نەجدەت سەرکردایەتی لقێکی گروپی نەجداتەکانی ئەکرد، ئەم کەسایەتیە لە لایەن حوکمەتی ئومەویەکانەوە لەسەردەمی خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدول مەلیك(٨٦–٩٦ك/٧٠٥–٧١٥ز) دا لە مەدینە لەسێدارەدرا ..لەدیارترین بنەما فیکریەکانی ئەم گروپە ئەوەیە کەهەرکەسێك خوای گەرەو ناو سیفات و تەفاصیلی شەریعەت نەزانێت ئەوە کافرە، هەروەها پێیان وایە ئەگەر ئیمام کافر بوو ڕەعیەتیش کافردەبێت(٨) ..

٤– عەجاردەکان : ئەمانە شوێنکەوتەی (عەبدول کەریمی کوڕی عەجرەد) بوون و کاتێ لەگەڵ ئەبی بەیهەس جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لە عێراقی ئەو کات گروپێکی پێك هێنا بەلاَم لەلایەن والی عێراقەوە (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی ٤١–٩٥ك/٦٦٢–٧١٤ز) گیراو لەزینداندا گیانی لەدستدا ..ئەمانە لەبنەمافیکریەکانیان پێیان وایە کە سورەتی یوسف لەناو قورئان دا نیە لەبەر ئەوەی شەرحی عاشق و مەعشوقی تیایەو وێنای ئەم جۆرە شتەش ڕەوانیە کە وتەی خوای گەورە بێت(٩) .

٥– صەفەریەکان : ئەمانە شوێنکەوتەی (زیادی کوڕی ئەصفەر) یان (عەبدولاَی کوڕی صەفارن) و لەدیارترین بۆچوونەکانیشیان ئەوەیە کە سەرکردە ئەگەر لە بیروڕاو ئاین دا هاوڕابیو نابێت کافر بکرێت هەروەها نەهی کردنیش بەزمان جایزە بەبێ کردار . ئەم گروپە لەهەرێمی ڕۆژئاوای عەرەبی و هەروەهاناچەکانی جەزیرەی فوراتی دا شوێنکەوتەیەکی دیاریان هە بووە(١٠) .

٦– ئەبازیەکان : ئەمانە شوێنکەوتەی (عەبدولاَی کوڕی ئەباز م.٩٦ك/٧١٥ز)ن کەلەسەرەتادا سەر بەگروپی ئەزارقەبوو بەلاَم پاش ئەوەی کە لەسەر چەند بنەمایەکی فیکری لەگەڵ (نافعی کوڕی ئەزرەق) دا ناکۆك بوو،جیابوونەوە و ئەم گروپەنوێیەیان پێك هێنا، ئەم کەسایەتی یە واوەسفی خەوارجی کردووە کەهەموو ئەو گروپانە ئەگرێتەوە کەهەرلەسەردەمی خەلیفە (عوسمانی کوڕی عەفان ٢٣–٣٦ك/٦٤٤–٦٥٦ز)ەوە هاتنە کایە تادەرکەتنیان بەشێوەیەکی ئاشکرا لەسەر شانۆی سیاسی دابێجگە لەئەزارقەکان کەئەم بەکافرو لەدین دەرچوویان دائەنێت، ئەم گروپە لەگەڵ صەفاریەکاندا بەوە جیائەکرێنەوە کەلەپێڕەوکردنی بنەماکانی فیکریاندا زۆر میانڕەو بوون و لەو شێوازە شۆڕشگێڕیە لایانداوە کە خەوارجەکانی لەبنەڕەتدا پێناسرابوون, و بەشێوەی نهێنی کەوتنە بانگەوازکردن بۆبیروباوەڕەکانیان ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەبەشێوەیەکی دیار هەرلە سەرەتاکانی سەدەی ٢ك/٨ز وە لەناوچەکانی ڕۆژئاوای عەرەبیدا بلاَو ببنەوەو پەرەبستێنن، بەجۆرێکی وا کەتائێستاش چەند لقێکی (ئەبازیەکان) لە ناوچەکانی باکوری ئەفریقیا لەجەزائیر و تونس و هەروەها لە عومان وزنجبار ماونەتەوە(١١) ..

**باسی دووەم : دیارترین بنەما سەرەکیەکانی فیکریان :**

کۆمەڵێك لە بنەماو پرەنسیپی فیکری و سیاسی سەرەکی هەیە کەگروپە سەرەکیەکانی خەوارج لەپێناویدا تێکۆشاون، لەهەمان کاتیشدا هەرئەم بنەمایانە بووە هۆکاری سەرەکی تاجیاوازی گەورە لەنێوان گروپەکانیان دا بکەوێتەوە لەدیارترینی ئەوانەش :

**یەکەم : تەکفیرکردن و دەرچوون لەبەرامبەر دەسەلأتداری زۆرداردا :**

یەکێك لەنووسەرانی گەورەی بواری گروپەئیسلامیەکان (الفرق)ی وەك عبدالقاهر البغداد(ت.٤٢٩هـ)ی دەڵێت: "ئەوەی کە بەگشتی خەوارجەکانی لەسەر کۆکن بریتیە لە کافر کردنی هەردوو خەلیفەی ڕاشدین عوسمان و عەلی و هەروەها هەموو ئەوانەش کەبەشداریان کردووە لە شەڕی جەمەل و وە ئەوانەش کەڕازین بەرێکەوتنی (التحکیم) دادوەری کە قورئان دادوەربێت و هەروەها پێویستی دانانی دەرچوونیش لەبەرامبەر دەسەلأتداری زۆردا"(١٢). بەواتایەکی تر ئەمان باوەڕیان بە هەردوو بەیعەتی ئەبوبەکرو عومەر هەیەو سەرجەم کردەوەکانیشیان کەبەدرێژایی تەمەنیان ئەنجامیان داوە بەرز ئەنرخێنن، هەروەها شەشساڵی یەکەمی خەلافەتی عوسمانیش بەباش باس ئەکەن و بەیعەتی عەلی لەسەرەتادا بەڕاست ئەزانن و پشتگیری ئەکەن تائەو کاتەی بە تەحکیم ڕازی ئەبێت لەو کاتەوە حوکمەکەی لێ جیائەکەنەوەو بەڵکو کافریشی ئەکەن و هەروەك چۆن لەبەرامبەر خەلیفە عوسمانیشدا ساڵەکانی دوایی تەمەنی بەکافر ناو زەدی ئەکەن(١٣) .

لەم ڕێچکەیەوە واپێدەچێت کەیاسای تکفیر کردن لە پرەنسیپی خەوارجەکاندا درێژەی کێشابێت و گەشەی کردبێت تا زۆربەی صەحابەکان و زۆربەی ئەو مسوڵمانانەشی گرتبێتەوە کە لە ڕووداوەکانی سەرەتای دەرکەوتنی خەوارج دا ڕۆڵیان بینیوە، هەروەها گەشەکردنی پرەنسیپی نەفرەت کردن و جەنگاندن لەبەرامبەر هەموو ئەوانەی کەپێچەوانەیانە بووە باوێکی دیاری فیکریان(١٤) .

ئەم بیرانەش بووە هۆی وروژاندنی چەندین بابەتی فیکری تایبەت بە بابەتەکانی دیاری کردنی کوفرو ئیمان وەئایا ئەمانە پلە و جۆریان هەیە؟ هەروەها پرسیارەکانی هەڵە چی یەو فاسقی چیە وەپەیوەندی کردەوەکان بەئیمانەوە چی یە ؟ چەندین پرسیاری تریش کەبوونە هۆی ئەوەی چەندین دەرەنجامی ترسانکیان لێبکەوێتەوە لە پەرەسەندنی فیکری توند ڕەوی دینی و سیاسیاندا .

**دووەم : پێشەوایەتی (الامامە) پێویست بوونی یان جایز بوونی و جۆرەکانی :**

زۆرێك لەخەوارجەکان باوەڕیان بە پێویست بوونی پێشەوا هەبووە، ئەمەش هەروەك لەسەر زمانی یەکێك لە سەرکردە کانیانەوە دەگێڕنەوە کەوتوویەتی " پیاوێك لەخۆتان هەڵبژێرن، چوونکە ئێوە پێویستە کە کۆڵەکەو پشتیوان و ئالأیەکتان هەبێت کەلەژێر سایەی دابن و بگەڕێنەوە بۆلای"(١٥) لەوەلأم دانەوەی ئەم بۆ چوونەشدا هەرلەسەرەتای دەرچوونی یەکەم گروپیانەوە دەبینین کەسایەتی یەکی وەك (عەبدولأی کوڕی وەهبی ڕاسبی) دەکەن بە پێشەواو خەلیفەی یەکەمی خۆیان وەبە پێشەوای شەرعی و هەڵبژێردراوی خۆیانی دەزانن و جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کەئەو سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامیەو پێویستە کە گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ دەربڕدرێت، بۆیە وەهبیەکان بەو گروپەدائەنرێن لەخەوارج کە بوونی پێشەوا بەشتێکی پێویست ئەزانن(١٦) .

بەلأم هەندێکی تر لەخەوارجەکان ئەمە بەشتێکی پێویستی نازانن و بەجائیزی دائەنێن، بۆنمونە نەجداتەکان ئەڵێن هەرگیز خەڵکی پێویستیان بە پێشەوایەك نیە بەڵکو پێویستە کەخۆیان لەنێوانی خۆیاندا بە (إنصاف) بن و

کارەکانیان بەباشی بەڕێوە بەرن خۆئەگەر زانیان ئەمە نایەتەدی مەگەر بەپێشەوایەك نەبێت کەبۆیان چارەسەر بکات ئەوە ئەو کات ئەکرێ کەپێشەوایەکیان هەبێت، کەواتە لێرەوە دەرئەکەوێت کە پێشەوایەتی لای ئەمان بابەتێك نیە کە شەرع واجبی بکات بەسەریانەوە بەڵکو لەگەڵ پێویستی و بەرژەوەندیەکاندا ئەویش پێویست ئەبێت(١٧) .

بەلأم لای ئەبازیەکان وائەبینن کە دوو جۆر پێشەوایەتی هەیە ئەوانیش (پێشەوایەتی بەرگری کردن) و (پێشەوایەتی ئاشکرا)، هەرکاتێك کە خەوارجەکان توشی قەیرانێکی سیاسی بوون ئەوا پێشەوایەك بەنهێنی هەڵئەبژێرن کە کارەکانی بریتی ئەبێت لە کۆکردنەکوەی لایەنگران و ئاسانکاری لە کردەوەکانیاندا و هەوڵدان بۆ دەرکردنیان لەونەهامەتیەی کەتێی کەوتوون و وەئامادەکردنی ژمارەیەکی باشیش بۆ دەرکەوتن و ئاشکرا بوون ئەگەر بارودۆخەکە گونجا(١٨).

سێ یەم : لابردنی مەرجی ڕەگەز و بنەچە بۆ بوونی کەسێك بەپێشەوا :

سەرجەمی خەوارجەکان جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە مەرج نیە پێشەوا لە قوڕەیشیەکان بێت هەروەك هەندێ لە کۆمەڵە ئیسلامیەکانی تر باسی لێوە دەکەن و بەمەرجی دائەنێن بەڵکو وائەبینن کە هیچ جیاوازیەك نیە لەنیوان کەسەکاندا چ لەڕووی بنەچەوە یاخود ڕەگەزەوە یان ڕەنگەوە، بۆیە هەرکەسێك ئەگەر (عەبد بێت یان ئازادیان دەشتەکی بێت یان قورەیشی) بۆی هەیە کەببێت بەپێشەوا(١٩)، تەنانەت ئەوان وابەباش ئەزانن کەپێشەوا قوڕیشیش نەبێت باشە هەتا ئەگەر لە شەرع لایدا یان لەحەق دوورکەوتەوە بۆ یان ئاسان بێت کە بیکوژن یان لەکار لای بەرن، لێرەوە یە ئەگەر چاوێك بەتەواوی سەرکردەکانی خەوارج دا بخشێنین دەبینین کە هیچ کام لەو سەرکردانە قوڕەیشی نەبوون بۆنمونە نافعی کوڕی ئەزرەق و نەجدەت و عەتیە و ..هتد تەنانەت عەبدالرحمانی کوڕی ڕوستەم کە یەکێکە لەدیارترین سەرکردەکانی ئەبازیەکان کەسایەتیەکی موالی فارسی بووە ...دیارە هەرئەم بۆچوونەی خەوارجەکانیش بووە کە لەزۆر شوێندا موالیەکان لەناویشیاندا کورد پشتگیریان لێکردون ولەبزووتنەوەکانیاندا بەشداربوون ورۆڵیان گێڕاوە تا مافەکانی خۆیان لەگرتنە دەستی دەسەلأت لەو ڕێگایەوە بگرنە دەست کە ڕەنگبێت ئەم فیکرەیەی خەوارجیش بۆ ڕاکێشانی موالی یەکان بووبێت بەلای خۆیاندا، ئەمەجگە لەوەی کە گروپێك لە خوارجەکان کە بە گروپی الشبيبة لە نێو خەواریجەکان ناسراون و شوێنکەوتەی أبو الضحاك شبيب بن يزيد بن نعيم الخارجي بوون کە لەسەردەمی ئومەویەکان دەرچوو، ئەم گروپە بەجیاواز لەسەرجەم گروپە ئیسلامیەکانی تر ڕێگەیان داوە بەوەی کە ئافرەت ببێتە پێشەوا(الامام) و بەکارو بارەکانیان هەستێت و بەسەرئەوانەشدا دەرچێت کە دژیانن و جیاوازن لەگەڵیان(١٩) .

چوارەم : ئەنجام دەری تاوانەگەورەکان :

گروپەکانی ئەزارقەو عەجاردە وائەبینن کە ئەوانەی تاوانە گەورەکان ئەنجام ئەدەن بەهەتاهەتایی لەئاگری دۆزەخدا ئەمێننەوە لەگەڵ تەواوی کافرەکانی تردا، ئەنجامدەری تاوانی گەورەش ئەو کەسەیە کە ئەوشتانە حەرام ناکات کەخوای گەورە و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە بۆیە پێویستە کەکوشتاریان لەبەرامبەردا بکرێت و دەرکدنیشیان لەکۆمەڵ ئەرکێکی پێویستە(٢٠) .

بەلأم ئەبازیەکان ئەڵێن ئەوانەی کەتاوانە گەورەکان ئەنجام ئەدەن (موەحدن) ومسوڵمان نین و ئەمەش نەك لەبەرئەوەی کەکفریان لەبەرامبەر خوادا کردووە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە کفری نیعمەتیان کردووە(٢١)، هەرچی نەجداتیەکانیشە دێن بابەتە سەرەکی و ناسەرەکیەکانی

دین جیائەکەنەوەو ئەڵێن ناسینی خوا وپێغەمبەر و باوەڕبوون بەکتێبی ئاسمانی و بڕیاردان بە ڕێزگرتن لە ژیانی مسولْمان و خاوەنداریێتی لەبابەتە سەرەکیەکانی دینەو نەزانین لە بەرامبەر ئەم بابەتانەدا ناتوانرێت قبوڵبکرێت وئەچێتە چوارچێوەی ئەنجامدانی تاوانە گەورەکانەوە، بەلاْم بێجگەلەمانەو بەتایبەتیش ئەو کردارانەی کە لەقورئاندا حوکمێکی ئاشکرایان لەبارەوە نەدراوە، ئەمانە لەبابەتە ناسەرەکیەکانی دینن و نەزانین لەبارەیانەوە نابێتەهۆی ئەوەی کەئەو کەسە بچێتە چوارچێوەی ئەنجامدەری تاوانە گەورەکانەوە(٢٢) .

ئەم هەڵوێستەی خەوارجەکان بووە هۆی ئەوەی کەبەیەکدادانێکی زۆر توندو تیژ بێتە کایەوە لەنێوانی ئەمان وزۆرێك لەو مسولْمانانەی کە ئاینزایەتیکەیان جیاواز بوو، هەروەك لەلایەکی تریشەوە ئەم هەڵوێستەیان کاریگەر بوو بەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی و تاڕادەیەك بەدوورەپەرێزی بمێننەوە .

پێنجەم : خۆپارێزی :

مەبەست لەخۆپارێزی شاردنەوەی بیرو باوەڕەکانی کەسەکەیە لەدەورو بەری چوونکە ئەگەربێت و پێی بزانن دوور نیە کەبیکوژن(٢٣)، گروپەکانی خەوارج لەبارەی جایز بوون یاخود حەرام بوونی ئەم فیکرەیەشەوە کۆمەڵە جیاوازیەکیان لەنێواندا هەیە، ئەزارقەکان وائەبینن کە بابەتێکی وا نەبەوتن و نە کردەوەش جایز نیەو ڕێگەی پێنادرێت بۆ ئەم بیرە شیان پشت بەم ئایەتە قورئانیە دەبەستن کە دەفەرموێـت (فَلَمّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَخْشَوْنَ النّاسَ كَخَشْيَةِ اللّهِ أَوْ أَشَدّ خَشْيَةً)(٢٤) ،بەلاْم نەجدیەکان ئەم خۆپارێزیە بەجائیز ئەزانن و ئەڵێن ئەم بابەتە چ لە وتنیش و چ لەکردەوەشدا جایزە وەئەگەر بۆ کوشتنی نەفسیش بێت ئەمانیش پشت بەئایەتێکی قورئانی تردەبەستن (إِلاّ أَن تَتّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً)ال عمران ایە ٢٨ و ئایەتی (وَقَالَ رَجُلٌ مُؤْمِنٌ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ)سورە غافر ایە٥٨، صەفریە کانیش بەپێچەوانەی هەردوو گروپەکەی ترەوە لە وتن دا جائیزی ئەکەن بەلاْم لە کرداردا ڕێگەی لێ ئەگرن(٢٥) ..

شەشەم : کوشتاری بەرامبەر :

ئەزارقەکان پێیان وایە کە ئەوانەی لەشوێنی خۆیان دانیشتوون و لەگەڵ کۆمەڵەدا دەرناچن و بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری ناکەن لەکوشتنی کافرکاندا ئەمانە مخالـفەی فرمانی خوایان کردووەو بۆیە بەموشریك دائەنرێن ئەم بیرو باوەڕەش بەواتای ئەوەی کە تەنها ئەزارقەکان مسولْمانی ڕاستن و وەهەموو ئەوانەی تری بێجگە لەئەهلی زیمە (ئەوانەی لەسەر ئاینە ئاسمانەکانی ترن) پێویستە کەبکوژرێن و ماڵ و سامانیشیان حەلاڵ بکرێت لەمەش زیاتر جێبەجێکردنی ئەم فیکرەیە سەرجەم ژن و منداڵی مسولْمانانی جگەلە ئەزارقە ئەگرێتەوە لەبەرئەوەی ئەمانە خێزانی موشریکن(٢٦) .

بەلاْم نەجداتەکان ئەم فیکرەیەی ئەزارقەکان ڕەت ئەکەنەوە و وائەبینن کە ئەوانە موشریك نین بەڵکو دووڕون (مونافق)ن و صەفریەکانیش هەمان بۆ چوونی ئەمانیان هەیە ئەوەش بەتەواوی ڕەت دەکەنەوە کە ژن و منداڵەکانیان بکوژن(٢٧) .

هەرلەم سۆنگەیەشەوە هەندێك لە خەوارجەکان بەرامبەرەکانیان بە (دار الحرب) ناوزەد ئەکەن لەبەرامبەر خۆیاندا کە (دار الاسلام)ن بۆنمونە بەیهەسیەکان بەسەرجەم بەرامبەرەکانیان لەمسولْمانان بە (دیار الکفر) ناودەبەن و حەلاڵی کوشتن و بردنی ماڵ و سامانیان ئەکەن .

ئەبازیەکانیش کەمسولْمانانی نا خەوارج بە (موحدون) ناو دەبەن و ماڵ و سامان و شوێنگەکانیشیان بە (دار التوحید) ناودەبەن و بەلاْم سەربازگەی دەسەلاْت

دار كەئەمان لەدژیان ئەجەنگن بە (دار الكفر) و (دار البغي گومڕایی) ناوزەدیان ئەکەن(٢٨) ..

**باسی سێیەم : لێکدانەوەکان لەبارەی دەرکەوتنی خەوارج و بوونیان بە گروپێکی سیاسی دیار :**

لەنێو ئەو سەرچاوە گرنگانەی کەباس لە دەرکەوتنی خەوارج دەکەن و هەڵوێستە سیاسیە جیاوازەکانیان لێك دەدەنەوە دوو لێکدانەوە بەدەر دەکەون ئەوانیش :

١- لێکدانەوەی ئاینی : ئەم لێکدانەوەیە خۆی لەوەدائەبینێتەوە کە خەواریجەکان بەگشتی ناسرابوون بەوەی کەزۆر توند لە دەقە ئاینیەکان تێ دەگەیشتن ئاینیان زۆر بەتوندی دەگرت، ئەوە جگە لەوەی کە زۆر توندڕەو و توند بوون لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەوانەی کە خەواریج نەبوون، ئەوانەی ئەم لێکدانەوەیەیان هەیە وای بۆدەچن کە خەوارجەکان جگەلەوەی کە بەتەواوی ئیسلامیان وەرنەگرتبوو بە شێوە درووستەکەی بەڵکو هەڵەشە بوون دەردەچوون و لەوەی کە هەوڵ بدەن لە مانا ڕاستیەکەی تێگەیشتنە هەڵەکانیان بگەن، خۆیان بە ڕاستی ڕەها دەزانی، ئەمەش بوو بووە هۆی ئەوەی کە تەنانەت دینداری کردنیشیان جۆرێك لە حەماسەتی پێوەدیار بوو کە زیاتر بەرەو ئارەزوو بازی و دوورکەوتنەوە لە ڕاستی(٢٩)، هەروەها خاوەنانی ئەم لێکدانەوەیە پێیان وایە کە سەرباری ئەوەی خەلیفە عەلی بەبەڵگەی درووست زۆریانی ڕازی کرد بەلاّم ئەم خەواریجانە بیرتەسك بوون لە بەرامبەر وەرگرتنی ڕاستیەکان و هەربەردەوام بوون لە نانەوەی کێشەو ئاشووب(٣٠)، هەرئەم بۆچوون و لێکدانەوە ئاینیەش بوو لە ڕاستیدا بەدرێژتیی مێژووی دەسەلاّتداریێتی ئیسلامی هەر لێیان دراوە و زۆرێکیشیان لەناوچوون .

٢- لێکدانەوەی کۆمەلاّیەتی : خاوەنانی ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە وای بۆدەچن کە هۆکاری دەرکەوتنی خەواریجەکان بۆ سەرکردەکانیان دەگەڕێتەوە کە لە پێشتردا کەسانی دەشتەکی و کۆچەری بوون، دژی ئەو بەرفراوانە زۆر و گەورەیە بوون کە دەوڵەتی ئیسلامی بەخۆیەوە بینی وە بووە هۆی ڕێکخستنی دەوڵەت و ئەم کەسایەتیە خێڵەکیانەش خۆیان لە چوارچێوەیەکی داخراوی سنووردارردا بینیەوە بۆیە وای بۆدەچن کە ڕەنگە مەبەستیان لەم گروپە بچووك بچووکانەو پەلامارانەیان مەبەست لێی دەرچوونیان بووبێت لەو بارودۆخە نالەبارەی کەتێیدابون، وەگەڕانەوەیان بوو بۆژیانی بیابانی(٣١)، بەو پێیەش کە ئەندامانی خێڵەکی و کۆچەری ئەندامانی تەواوی خێڵەکانی تر بە دوژمنی چاوەڕوانکراوی خۆیان دەزانن، ئەمە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هەندێك جار ئەگەری هاوپەیمانێتیشیان دادەنا لەکاتی پێویستیدا، لەم ڕوانگەیەشەوە خەواریجەکان بەهەمان شێوە بۆچوونیان وەهابوو کە هەموو کەسێکی بیانی و تەنانەت مسوڵمانانی نا خەواریجیش کە بۆچوونیان لەگەڵیان جیاوازبوو بە چاوی دوژمن لێیان بروانن و هەوڵی ڕشتنی خوێنیان بدەن(٣٢)، بۆیە خاوەنانی ئەم لێکدانەوەیە پێیان وایە کە خەواریجەکان شانازیکردنیان بە کۆمەڵەکەیانەوە هاوشێوەی شانازی کردنی کۆچەری و خێڵەکیەکەوە بووە بە خێڵەکەیەوە(٣٣)، بۆیە دەتوانین بڵێین بەپێی بۆچوونی ئەم لێکدەرەوانەبێت ئەوا کۆمەڵەو گروپە خەواریجەکان جیاوازن لە خێڵەکی و کۆچەریەکان بەوەی کەبۆ بۆچوون و بیروباوەڕەکانیان بەرگێکی ئیسلامیان پێدا پۆشی بوو (٣٤)، هەروەها خاوەنانی ئەم لێکدانەوەیە پێیان وایە کە تەنانەت یەکێك لەبنەماسەرەکیەکانی فیکری خەواریج کە بریتی بوو لەوە کە مەرج نیە قورەیشی بێت، ئەوەش پەیوەندی بەبوارە کۆمەلاّیەتیەکەوە هەبووە کە چاوچنۆکی خێڵەکی خێڵە کۆچەریەکان بووە کە زۆرینەی خەواریجیان پێك دەهێنا، ئاشکراشە کاتێك کە دەوڵەتی ئیسلامی دامەزرا هەرلەسەردەمی ڕاشدین و ئومەوی و عەبباسیەکانەوە

پێگەی گەورە بۆ خێڵی قورەیشیەکان بووە ئەمەش چاوچنۆکی خێڵەکانی تری بەدوای خۆیدا هێناوە لەبەرامبەر قورەیشەکان بۆ ئەمەش چەندین بەڵگەی مێژوویی هەیە بۆنمونە کاتێك (ابن عباس(*)) کە کەسایەتیەکی دیاری نێومسوڵمانان و هەروەها بە ڕاڤەکاری قورئان ناسراوە و جگەلەوەش کە قورەیشی بووە، لەسەردەمی خەلیفە (عەلی کوڕی ابوتالب) دەچێتە لای خەواریجەکان بۆ (حرورا) و بۆئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات کاتێك خەرێك دەبێت دووبەرەکیان تێ بخات بەبەڵگە ڕازیان بکات لەنێوياندا دەنگۆیەك بەرز دەبێتەوەو دەڵێت "بەڵگەکانی قورەیش نەبێتە بەڵگەو نیشانە بەسەرتانەوە"(٣٥) ئەگەر لەم دەقە ڕوون بینەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو خەواریجانە چەندە ڕق ئەستوور بون بەرامبەر بە قورەیشیەکان .

هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەو پلانەی کە خەواریجەکان دایان نا بۆ کوشتنی (علی کوڕی ئەبی تالیب و موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان و عمروکوڕی عاص) ك سەرجەمیان لە قورەیش بوون، ئەوەبوو لە ڕەمەزانی ساڵی ٤٠ك/کانونی دووەمی ٦٦١ز عەلیان کوشت بەلام لە هەوڵەکانیان لەبەرامبەر ئەوانی تر شکستیان هێنا(٣٦) .

هەروەها لەسەردەمی ئومەویەکاندا، کاتێك(سلێمانی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدول مەلیك) کە یەکێك بوو لەمیرەکانی بنەماڵەی ئومەوی و مەیلی گرتنەدەستی دەسەلاتی هەبوو بۆیە هەولیدا کە شۆڕش لەدژی (خەلیفە مەڕوانی کوڕی محمد ١٢٧-١٣٢ك/ ٧٤٤-٧٥٠م) ئەنجام بدات بەلام پاش ئەوەی مەڕوان لە جەنگی (خساف)تێکی دەشکێنێ ئەم میرە ڕادەکات لە جەنگەکە و دەچێتەلای میرێکی تری ئومەوی کە(عبدولای کوڕی عومەری کوڕی عەبدول عەزیز) ئەمانیش پێکەوە دەچنەلای سەرکردەی خەواریجەکان (زوحاکی کوڕی قەیسی شەیبانی)(م.١٢٨ك/٧٤٥ز)، کە لەوکاتەدا بۆماوەیەکی کەم عێراقی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەم دوو میرەی ئومەوی بەیعەت بەم سەرکردەیەی خەواریج دەدەن و لەدژی مەڕوان هانی دەدەن کەبجەنگێت، دیارە خەواریجەکان خۆشیان ئەمەیان زۆر پێ خۆش بووە کە قورەیشیەکان هاتوونەتە ژێر ڕکێفیان و بەیعەتیان پێداون، بۆیە شاعیرێکیان بەم بۆنەیەوە دەڵێت :

"الم تر ان الله اظهر دينه

وصلت قريش خل بكر بن وائل"(٣٧)

کە تیایدا شاعیر بەسەرکەوتنی دەزانێت کە هۆزی بەکر کەوتبێتە پێش هۆزی قورەیشەوە .......

وەدیارترین وێنای ئەم ڕق ئەستوریەی خەواریجەکانیش بەرامبەر بە قورەیشیەکان لە ڕووداوی تێکشکاندنی خەڵکی مەدینە دەردەکەوێت لەلایەن (ابو حمزەی خارجی) لە ڕووداوی (قدید) کەناوچەیەکە لە نزیکی مەککە لەساڵی (١٣٠ك / ٧٤٧ز)، کاتێ هەرچیەکی بەدیلی گرت لەو جەنگەدا ئەوانەی لە قورەیشی بوون کوشتنی بەلام ئەنصارەکانی ئازاد کرد (٣٨) .

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەردوو بۆچوونەکە ڕاستن سەبارەت بە دەرکەوتن و بلاو بوونەوەی فیکری خەواریجەکان بەلام ئێمە پێمان وایە کەلایەنی کۆمەلایەتی هەروەك ڕوونمان کردەوە زیاتر کاریگەری هەبووە لە دەرکەوتنی خەواریجەکاندا ......

## ئەنجام

١- خەواریجەکان یەکێکن لەو گروپە ئیسلامیانەی کە توانیان بەشێوەیەکی دیار دژایەتی و بەرهەڵستی دەسەلاتی خەلافەتی ئیسلامی بکەن ئەمەش سیمایەکی دیاری سەرجەم سەردەمە جیاوازەکانی کۆتایی ڕاشدینەکان و ئومەویەکان و یەکەمی عەبباسیش بێت .

٢- بیروباوەڕو فیکری خەواریجەکان هەڵگری چەند فیکرێك و هزرێکی جیاواز بوون کە هەر ئەمەش وایکردبوو ناوی (خەواریج)یان دەرچوو‌ویان لێ بنرێـت و لەلایەن دەسەلاٌتی سیاسی و ئاینی جێگای قبولٌ نەبن و بەردەوام ئەوانیش بۆ سەپاندنی ئەوفیکرانەیان لە جەنگان و شەڕکردندا بن .

٣- خەواریجەکا هەرچەندە بەدەرچوو ئەژمار دەکرێن لەئەدەبیاتی ئیسلامی و ئەدەبیاتی خەلافەت بەگشتی بەلاٌم ئەوان کاتێ سەیری فیکریان دەکەین خۆیان بە مسوڵمان و هەڵگری ئاینی ئیسلام دەزانن و زۆر توندیشن لە پەیڕەو کردنی هەندێ بنەمای ئەو ئاینەو لە ڕوانگەی فیکر و هزرە جیاوازەکەیانەوە، ئەوەی جێگەی تێڕامانە بۆمان دەردەکەوێـت خەوارجەکان هیچ کات نەیان وتووە کە پێغەمبەرێکی تر هەیە یان باسیان لە بوون و نەبوونی خودا نەکردووە یان لەبواری عیبادەتەکان و فەرزەکان کەمتر دواون، بەڵکو لە ڕووی فیکرەوە زیاتر لە بنەما سیاسی و فیکری و عەقیدەییەکان قسەیان کردووە و جیاواز بوون وەك لێخۆش بوونی خوایی و هەروەها بابەتی حوکم .

٤- خەلافەت لەلای خەواریج مەرج نیە تەنها بۆ کەسی عەرەبی بێـ یان بۆ هۆزی قوڕەیشیەکان بێـ بەڵکو هەموو کەسێکی خاوەن دەسلاٌتی خەلافەت وەربگرێـ بەمەرجێك شایستە بێت و هەندێکیان لەمە توند تر دەڕۆن و دەڵێن ئەگەر ئافرەتیش بێـت دەتوانێـت ببێتە خەلیفە .

٥- خەواریجەکان بەهێزبوون بەتایبەتیش کاتێ لەناوچەی مەوالیەکان جێگەی خۆیان کردبۆوە و لەلایەن ئەو مەوالیانەوە پشتگیریان لێ دەکرا بەلاٌم ئەگەر جیاوازی فیکریان نەبوایە کە نەیان ئەتوانی ببنەیەك و وەپەرش وبلاٌویان لەلایەکی تر و بەجۆرێك کە نزیکەی بیست گروپ دەبوون ئەمانە بووە هۆی رواز بوونیان.

٦- کاتێ حوکمی عەبباسیەکان هات بەتایبەتیش لەسەردەمی عەبباسی دووەم بەدواوە ئیدی فیکری خەواریج کەمتر بەرچاو دەکەوێت یان نامێنن هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە عەبباسیەکان خۆیان لەخەڵکی مەوالی پێك دەهاتن و ئەو پشتگیریەی جارانی مەوالی بۆ خەواریج نەما و ئەمە جگەلەوەی دەرکەوتنی چەندین گروپی تری بەهێز وەك المعتزلە و جەبریەو قەدریەکان و مورجئەو چەندانی تر کەئیتر مەجال و بواری فیکری شاراوە یان بەرهەڵستکاری ئەوتۆ نەما وەك خەوارج .

## پەراوێزەکان

١- أبو الحسن علي بن اسماعیل الاشعري : کتاب مقالات الاسلامیین واختلاف المصلیین ، فیسابور، فرانزنشتاین ١٩٦٣،ص ١٢٧- ١٢٨ " د. عبدالله سلوم السامرائي : الغلوا والفرق الغالیة في الحضارة الاسلامیة، دار الحریة للطباعة،بغداد ١٩٧٢ ص٢٨٢-٢٨٣ " د.صباح محمد البرزنجي: أهم الفرق الاسلامیة، الطبعة الثانیة ، ٢٠٠٣ ص ٣٠

* بۆشارەزا بوون لەبارەی چۆنیەتی گەشەکردن و پەرەسەندنی خەوارجەکان و وەدیارترین شۆڕشەکانیانەوە لەدژی ئومەوی و عەباسیەکان : بڕوانە د.لطفیة بکاي : حرکة الخوارج نشأتها وتطورها الی نهایة عهد الاموي (٣٧ - ١٣٢هـ) دار الطلیعة بیروت طبعة الاولی ٢٠٠١ ..

٢- ابو الفتح عبد الکریم الشهرستاني : کتاب الملل والنحل ، تخریج محمد بن فتح الله بدران ، القسم الاول ، الطبعة الثانیة، ص ١٠٥-١٠٦

٣- نایف محمود معروف : الخوارج في العصر الاموي، بیروت دار الطلیعة ١٩٧٥،ص١٩٢ " د. عبدالله سلوم السامرائي : هەمان سەرچاوە ل ٢٨٠-٢٨١ " د. علي حسني الخربوطلي : ١٠ ثورات في الاسلام ، ص دار الاداب بیروت ، ١٩٧٨، ص ٥٠-٥١ .

٣- یاقوت الحموي : معجم البلدان، دار الفکر،بیروت،١٩٩٣،ج٢/ص٢٩٥ .

٤- فخر الدین الرازي : اعتقاد فرق المسلمین والمشرکین ، تحقیق د.محمد زینهم محمد عزب ، مکتبة مدبولي القاهرة ، ص٢١ "عبد القاهر بن طاهر البغدادي : کتاب الفرق بین الفرق ، دار المعرفة بیروت ص٥٧ " الشهرستاني : هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٦" د. عبدالله سلوم السامرائي : هەمان سەرچاوە ل٢٧٩ " د. محمد عمارة : الخلافة ونشأة الاحزاب الاسلامیة ، طبعة الاولی : بیروت ١٩٧٧، ص١٠٤ ، نایف معروف : هەمان سەرچاوە، ل ٨٦-١٨٩-٢١٤ " د.لطفیة بکاي : هەمان سەرچاوە , ل١٨ - ٢٢ - ٣٠ .

٤- بڕوانە : الطبري : تاريخ الرسل و الملك، ج٥/ص١٨٦" الشهرستاني : هەمان سەرچاوە،ص١١٥" ابن الأثير : الكامل في التاريخ، ج٤/ص١٩٨ .

٥- البغدادي : هەمان سەرچاوە ل ٤٥

٦- الشهرستانی : هەمان سەرچاوە ، ل١٠٩ – ١١٠ " فخر الدين الرازی : هەمان سەرچاوە, ل٢١ " د. علي حسني الخربوطلي : هەمان سەرچاوە، ل ٦٧ " د.لطفية بكاي : هەمان سەرچاوە، ل ١٢٦ –١٥٣ .

٧- د. عبدالله سلوم السامرائي : هەمان سەرچاوە ل٢٨٥ " د.لطفية بكاي : هەمان سەرچاوە، ل١٦٨-١٧٧ " البغدادی : هەمان سەرچاوە ل٥٤-٦٥ .

٨- الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل٩٢-١٠١ " الشهرستانی : هەمان سەرچاوە ، ل١١٣-١١٤ " د. عبدالله سلوم السامرائي : هەمان سەرچاوە ل٢٨٤" نايف معروف : هەمان سەرچاوە ،ل,٢٣١

٩- الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل٩٣ " فخر الدين الرازی : هەمان سەرچاوە, ل٢٣ " د. علي حسني الخربوطلي : هەمان سەرچاوە، ل٦٨-٦٩

١٠- الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل١٠١ " د. عبدالله سلوم السامرائی : هەمان سەرچاوە ل٢٨٣، ١٣٨ .

١١- الشهرستانی : هەمان سەرچاوە ، ل١٢١-١٢٣ " د.صباح محمد البرزنجی : هەمان سەرچاوە، ل٣١ " محمود اسماعيل : الحركات السرية في الاسلام ، بيروت ، الطبعة الخامسة ، ١٩٩٧ ،ل٣٠-٣١ .

١٢- البغدادی : هەمان سەرچاوە ،ل٥٥ .

١٣- الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل١٢٥ " د. عبدالله سلوم السامرائی : هەمان سەرچاوە ل١١٢ –١١٣ " نايف معروف : هەمان سەرچاوە ،ل٢١٦ " محمد عمارە: هەمان سەرچاوە ، ل ١٣٩

١٤- فخر الدين الرازی : هەمان سەرچاوە, ل٢٣" د. علي حسني الخربوطلي : هەمان سەرچاوە، ل,٥٩

١٥- ابن الاثير : الكامل في التاريخ،ج٣/ص٢١٣ .

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو .

١٧- الشهرستانی : هەمان سەرچاوە ،ل١١٠-١١١-١١٢ " الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل١٢٥" نايف معروف : هەمان وسەرچاوە ،ل٢١٥-٢٢٩ .

١٨- محمود اسماعيل : هەمان سەرچاە ،ل٣١-٣٤

١٩- د. علي حسني الخربوطلي : هەمان سەرچاوە، ل٦٠-٦١" محمد عمارە: هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٠ – ١٤١ .

١٩- البغدادی : هەمان سەرچاوە، ل ل٨٩-٩٠" ابن خلكان : وفيات الأعيان، دار الثقافة، لبنان، د.س، ج٢/ص٤٥٤ .

٢٠- الشهرستانی : هەمان سەرچاوە ،ل١١١ " الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل٨٧

٢١- د. عبدالله سلوم السامرائی : هەمان سەرچاوە ل١١٣ " محمود اسماعيل : هەمان سەرچاوە ،ل٣٣ " نايف معروف : هەمان سەرچاوە ،ل٢٣٩-٢٤٠

٢٢- الشهرستانی : هەمان سەرچاوە ،ل ل١١٠-١١١" الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل٩٠

٢٣- نايف معروف : هەمان سەرچاوە ،ل٢٣٠

٢٤- الشهرستانی : هەمان سەرچاوە ،ل١١٢ کەتیایدا ئاماژە بەو ئایەتەئەكات (سورة النساء اية ٥٧).

٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٢٦- البغدادی : هەمان سەرچاوە ،ل٦٢-٦٤ " الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل٨٦-٨٧ " نايف معروف : هەمان سەرچاوە ،ل٢٢١-٢٢٥ .

٢٧- الشهرستانی : هەمان سەرچاوە ،ل١١٠" نايف معروف : هەمان سەرچاوە ،ل٢٢٧

٢٨- بڕوانە : الاشعری : هەمان سەرچاوە ،ل١٠٤ " الشهرستانی : هەمان سەرچاوە " محمود اسماعيل : هەمان سەرچاوە ...

٢٩- د.عرفان عبدالحميد فتاح : دراسات في الفرق و العقائد الاسلامية، بغداد، دار التربية،١٩٧٧،ص٩٨ " د.ابوالوفا الغنيمي التفتازاني : علم الكلام وبعض مشكلاته، القاهرة،مكتبة القاهرة الحديثة،١٩٦٦،ص٣٥،٣٤ .

٣٠- د.ابوالوفا الغنيمي التفتازاني : هەمان سەرچاوە ،ل٣٥ .

٣١-د.نيشين عبدالخالق مصطفى : المعارضة في الفكر السياسي الاسلامي، القاهرة،١٩٨٥،ص,٢٧٦

32- Watt, W.M : The formative Period of Islamic, Edinbu - rgh : 1973, p20

33-watt : op.cit,p20 .

34-watt : op.cit,p20 .

(*) ابن العباس : ناوی تەواوی عبد الله بن عباس بن عبد المطلب بن هاشم، ە ئامۆزای پێغەمبەرە(د.خ)، ناسراوە بە دەریا لەبەر زۆری زانستی شەرعی و هەروەك بە (حبر الامة و فقيهە)ی ئیسلام ناسراوە، جگە لەوەی کە پێی گوتراوە پێشەوا، هەروەها بە ڕاڤەکار و تەرجومانی قورئانیش ناسراوە، لەساڵی ٣ك، لە بنی هاشم لەدایك بووە، پێغەمبەر (د.خ) خۆی پەروەردەی کردووە و هەمووکات نزای بۆ کردووە و فەرموویەتی (اللهم فقهه في الدين و علمه التأويل)، بۆیە خاوەن ڕێزو کەسایەتیەکی دیارە لەنێو ئیسلام دا، ١٦٦٠ فەرموودەی لە پێغەمبەر (د.خ) ریوایەت کردووە، پاشان لەلایەن هەریەك لە خەلیفەکانی ڕاشدین جێگای ڕێز بووە و لێیان نزیك بووە، خەلیفە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب دەیکاتە والی بەصرە، ئەم کەسایەتیە لەسەردەم گرفتە ناوخۆییەکانی نێو دەوڵەتی

ئيسلامى دا سەربەخۆ بووە و بەردەوام هەوڵى داوە كە ڕۆڵى ئاشتيانە بگێڕێت، لەساڵى ٦٨ك لە تائيف كۆچى دوايى دەكات . بڕوانە ابن الأثير : أسد الغابة، تح.عادل احمد الرفاعي،بيروت – لبنان، ١٩٩٦م،ج٣/ص٢٩٥ .

٣٥- نايف معروف : هەمان سەرچاوە ،ل٢٨ .

٣٦-الطبري : تاريخ الرسل و الملوك،ج٦/ص٥٧" المسعودي : مروج الذهب،ج٣/ص ص١٦٤-١٦٦ " د.محمد عبدالله عنان : تاريخ الجمعيات السرية و الحركات الهدامة، ط٢،القاهرة،١٩٥٤،ص ص١٥-١٦" محمود اسماعيل : قضايا في التاريخ الاسلامي،بيرت،١٩٧٦،ص٨٤ .

٣٧-الطبري : هەمان سەرچاوە ،ج٦/ل١٧٨" ابن الأثير : الكامل في التاريخ، ج٥/ص١١ .

٣٨- نايف معروف : هەمان سەرچاوە، ل٢٨ .

## الخلاصة

**يعد الخوارج فرقة من أهم الفرق الفكرية و السياسية التي كانت لهم دور وأثر فعال في تاريخ الاسلامي، لأنهم شكلوا معارضة سياسية فعالة ضد الخلافة الاسلامية في عصر الاموي و بداية عصر العباسي، وقاموا بحركات مسلحة، كما شجعوا ابناء القوميات الاخرى للانضمام اليهم وهم الموالي (المسلمون غير العرب)، لأن آرائهم و أفكارهم كانت تنسجم مع متطلبات تلك القوميات الذين أرادوا نيل حريتهم و المساهمة في الحكم .**

**نظرا لأهمية هذا أصبحت فرقة الخوارج مضمون دراستنا، الذي حاولنا ان نذكر اهم افكارهم وفرقهم من ناحية، ودراسة أسباب ظهورهم التي كان سمة في التاريخ الاسلامي منذ أواخر العهد الراشدي و امتد طيلة العصر الاموي الى اواخر العصر العباسي الاول) كما تم ذكر اهم فرقهم حين حسبهم مؤرخو الفرق الى اكثر من عشرين فرقة .**

**ان الخوص في دراسة تاريخ الفرق الاسلامية بشكل عام و الخوارج بشكل خاص ودراسة أهم أفكارهم و نعاقداتهم و أسباب ظهورهم له فائدة علمية كبيرة، من حيث أهمية الموضوع و أثره في كثير من حالات الفكر الديني و الاجتماعي في عصرنا هذا .**

**تستهدف هذه الدراسة تحقيق غرضين اساسيين، الغرض الاول هو البحث في المسائل الاساسية في الفكر الخارجي، اما الغرض الثاني فهو الاسهام في تفسير نشأة الخوارج و تعليل تصلبهم في مواقفهم السياسية والفكرية منها و العلمية، ومن اجل تحقيق هذين الغرضين قسمت الدراسة الى ثلاثة مباحث، فقد قدمنا في المبحث الاول موجزا عن تسمية الخوارج وانقساماتهم الفرقية الشهيرة، ومضمون هذا المبحث انما هو تمهيد للمحث الثاني الذي خصصناه لمعالجة المسائل الاساسية السياسية او ذات الدافع او الاثر السياسي في فكر الخوارج سواء اتفقت او اختلفت بصددها فرق الخوارج الرئيسية اما المبحث الثالث فقد عرضنا فيه اهم التفسيرات المطروحة لتعليل نشأة الخوارج و تفسيرمواقفهم السياسية المتصلبة، .....**

## Summary

**That outsiders (al khawarej) are one of the most important difference of intellectual and political have had a role and has been instrumental in Islamic history, who occupied an opposition political effective against Islamic caliphate of rebellion movements armed to encourage and collect other nationalities under the sovereignty of the Al-mawali (Muslim non-Arab) their opinions and their ideas, which was close to the requirements of these nationalities who Inclined that took power or they get their freedom.**

**Hence the importance of the subject we discussed this, in terms of search and content that we're trying to Draw most important ideas and their teams on the one hand and study the reasons for their backs, which was characteristic in the history of the Islamic since late era Rashidi and extends to the era of the Umayyad even to mid-era Abbasi also try to remind most teams Who counted Islamic historians difference to over twenty band .....**

**We believe that the wicker to study the history of Islamic difference of Commons and private Kharijites and study the most important ideas and beliefs and the reasons for their backs is of great scientific interest, in terms of the seriousness of the subject and its impact on the many cases objection intellectual and social nowadays ..... ...**

**This study aims to achieve two purposes essential, purpose first is to look at key issues in thought outside The second objective is to contribute to the interpretation of the emergence of outsiders and explain their intransigence in their political positions, intellectual them and scientific, in order to achieve these purposes and distributed search into three sections, we have created First research brief from naming them to the divisions difference famous, and the content of this section, but it is a prelude to prompt the second dedicated to the issues fundamental political or motivated or political impact in the mind of outsiders either agreed or disagreed thereon teams Kharijites Home Lama third section has offered a The most important explanations put forward to explain the origins of the Kharijites and explanations of their political positions hardened, .....**